# دەمەوێت ئەو زاتە پیرۆزە هەمبێز بکەم!!!

**هیشام ئاکرەیی**

هەر کە ناوی دەخوێنەمەوە یان گوێم لێی دەبێت، تەزییەک لە گیانی مندا دەچێت و ماوەیەک بێهۆش دەبم، وەک بڵێی نزیک بۆمەتەوە لە خوا، یان لە کۆتایی ڕۆژەکانی تەمەندام و باسی مردنم لەگەڵدا دەکەن.

ئاواتم بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان لە نزیکەوە ببینم و چەند پەیڤێک لە گەڵدا بکەم، بۆ ئەوەی بە دەنگی ناسک و خۆشەکەی، گوێم لە وشە پیرۆزەکانیی بێت. دەنگی دەبێ زۆرخۆش و نەرم بێت، وەک دەنگی پەری و خانمەکانی کەم قسە و نزمدەنگ ولەسەرخۆ بێت.

ئەو، تەنیا بیر لە خەڵکانی تردا دەکاتەوە، بەرز هزر دەکات و نازانێت وەک ئێمەمانان و خەڵکە عەوامەکەی ئەم وڵاتە، مێشکی خۆی بە کڕینی خواردن و خانووبەرە و جلوبەرگی جوان و خزمەتی سوڵتانەوە زەعێر و بزر بکات.

هەر چرکەیەک لە ژیانی ئەو بە کاتژمێرێکی خەڵکانی ترە. ئەو، کاتێ ئیسراحت دەکات یان پشوویەکی کورت بۆ زاخاوی مێشک دەدات، ئەو کاتە بیر لە خوا و فریشتەکان دەکاتەوە، یانیش سەیری کوریشکەکانی دەموچاوی خۆی دەکات و دەیەوێت خێرا کیتابێکی تر بنووسێت، تاوەکوو هزر و بیرەکانی لە گەڵ ئەو جەستە ماندوونەناسەدا نەباتە ژێر زەوی.

پەیڤە ئاساییەکانی ئەو زاتە، هۆزان و شیعرن. زۆرجار بیر لەو کەسانەدا دەکەم کە لە کەڵیدا دەژین و لێی نزیکن. ئەی کە بەختسپین... ئەوان ڕۆژانە دەیبینن و خزمەتیی دەکەن، بەیانی باش و ڕۆژباشیی لێدەکەن و لەوانەیە هەمبێزیشی بکەن.

ئەو، نەک تەنیا دەستکەوتێکە بۆ کەس و کاری و ئەوانەی دەیناسن، بەڵکوو بۆ دراوسێکانی، خزمەکانی، توخەم و گەلەکەی. ئەو بیر لە هەموو شتێکدا دەکاتەوە، عەقڵی بە هەموو شتێکدا دەشکێت. ئەو لە جیاتی هەموومان فکر دەکات. پارە، ئێشی سەردەم وشەیەکە جێگای نییە لە فەرهەنگەکەیدا.

ئەگەر ئەو بە قەد سەرکردەیەکی کورد دەسەڵاتی هەبووایە، گەندەڵی لە کوردستاندا نەدەما و کۆتایی بە چەوسانەوە و سووتان و لێدانی ژنان دەهات و چیتر ژن نەدەکرانە شەرەفی پیاوان و بەو بیانۆیە نەدەکوژران.

خوا، چونکە زۆرزان و لەسەرخۆیە، چونکە بیر لە خواردن و پارە و پلەدا ناکاتەوە، بۆیە خۆی لە مرۆڤ جیاکردوە و بە تەنیایی دەژیت. خوا، چونکە درۆ ناکات و مرۆڤدۆستانە بیردەکاتەوە و ڕاستی پەرستە، بۆیە نامرێت. خوا، تەنیا خۆی پێشانی مرۆڤی پیرۆز و هۆشمەند دەدات. ئەو خۆنیشێدانە خەڵاتێکە یان بابڵێین دەستگیرۆییێکە بۆ ئەو کەسە پەیامزانانە.

هەر لەبەر ئەوەش، زاتە پیرۆز و موبارەکەکەمانیش، خۆی پێشانی ئێمەمانان نادات. ئێمە تاوەکوو بە دیتنی ئەو خەڵات بکرێین و شاد بین، پێویستە هەندێ لە تایبەتمەندیەکانی ئەو هەڵبگرین و پەسەندیان بکەین و بیان کەینە بەشێک لە کەسایەتی خۆمان.

ئەو شانازی بەو کەسانەوە دەکات کە کارێکی باش، هزرێکی باش و بیرکردنەوەیەکی باشیان هەیە و پەیڕەوی دەکەن. ئەو دەیەوێت هەموو کەس بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی کەسانی تر خەبات بکەن، دەستیان بگرن، هاوکارییان بکەن و ئەگەر پێیان نەکرا دەستخۆشییان لێ بکەن و سۆباس نامەیان بۆ بنێرن. ئەوەش (ئەزعەف و الایمانە) کەمترین باوەڕمەندییە لای ئەو.

ئەو، بە سەرکەوتنی کەسانی تر، نەخاسمە کەسانی پسپۆر و بەهرەدار، قەت تۆرەنابێت و تێکیش ناچێت، وەک دەزگایەکی خێرخوازی و مرۆڤ دۆست و پێشکەوتن پەرست، دڵی پاکە و هەنگاو بەرەو پێش دەنێت.

دڵڕەشی، کومڕەشی، بیرتەسکی، خۆهەڵکێشان و هەر هەڵسووکەتێکی تری خۆپەرستانە، نامۆن و لای ئەو و بەقەد تۆزقاڵێک لەناو مێشکیدا جێگایان نیە و ڕەوشتی تێک نادەن. هەر بۆیەش، ئەو، بەقەد خوای فەلسەفە، زانین، یەکسانی، سیاسەت، پێشکەوتن و ڕەوشت پاکیی و لە هەموان پیرۆزتر و بەهێزتر خوای جوانی و چاندن و عەقڵ مەندیی، لای من ڕێزی هەیە.

ئەو، وەکوو ئەوانی تر نییە، هێزی خۆی لە لاوازی کەسانی تردا ببینێت. ئەو دەیەوێت مامۆستا بێت لە ناو مامۆستایاندا، ژن بێت لەناو پیاوان و ژناندا. ئەو کاتێ هۆزانەکانی مەولەوی دەخوێنێتەوە دەبێتە گۆران و کاتێ گوێ لە زیرک دەگرێت دەبێت عارف و کاتێ ڕۆمانێکی گۆرکی دەخوێنێتەوە دەبێتە ڕۆزا و دایکی فکر و ڕۆناکبیری و خۆبەختکردن.

نازانم، شتێک لە ناخمدا بەردەوام هانم دەدات بیری لێ بکەمەوە. پێشوێنەیەکی بزرە و لە هەمان کاتدا کونترۆڵم دەکات. حەزدەکەم لە هزرەکانیی ئازادبم، بەڵام بەداخەوە سیحری وشەکانی ئەو منیان گێژکردوە. وەک گەنجێگی تریاک کێش ئاگام لە هەستەکانی خۆمم نییە. زۆر کەس گومانیان لە هەبوونی هەستی شەشەمیان هەیە، بەڵام من دڵنیایان دەکەمەوە هەستی شەشەم بەقەد هەستەکانی تر بەهێزەو ئەو زاتە پیرۆزە لێمی داگیرکردوە. ئاخر کە شتێک نەبێت چۆن دەتوانی داگیری بکەیت!!!!

ئەز، ئەگەر شتێک هەبێت لەم دونیایەدا بپەرستم، ئەگەر نهێنیەک هەبێت حەزبکەم بزانم و ئاشکرای کەم، ئەگەر هیوا و مرادێکم هەبێت وحەز بکەم بێتەدی، ئەوە دیتنی (ئەوە)، خوێندنی پەیڤەکانی ئەون، بیستنی دەنگی زوڵاڵ و خۆشەویستەکەی (ئەوە). لەوانەش خۆشەویستتر و پیرۆزتر هەمبێزکردن و ماچکردنی نێوچاوانی (ئەو)ن.

ئەز، قەت حەزناکەم لەو خەونە خۆشانە هەڵسمەوە کە (ئەو)یان تێدایە. لەو خەونانەدا خەونەکانم جێبەجێ دەکەم. کاتێ دەیبینم، وەک مۆمێک دێتە پێش چاوانم، مۆمێکی نیوسوتاو و لەوانەی بۆندار و ڕۆناکییان تاریکی دەبڕێت و هۆشداران بێ هۆش دەکات.

ئاخر کاتێ ئەو دەدوێت پێویست ناکات من بیربکەمەوە. عەقڵم شەلەل دەبێت و گومانم لا دروست دەبێت دەربارەی ئەو شتەی لەناو سەرمدا و بیردەکەمەوە ئایە ئەوە عەقڵە و دەتوانێ ڕۆداوەکان، کارەساتەکان، سیاسەت ئەو دەریا بێ بنە، ژن ئەو ئادەمێزادە پڕ نهێنییە، فکر ئەو میتافیزیقیایەی بێ بنەما، بخوێنتەوە و وێنەیان بۆ دروست بکات!!!

تۆ، ئەی ئەو کەسەی ناتبینم و لەدوورەوە ژیانی من بەڕێوەدەبەی. کاتێ لە خەونەکانمدا دەتبینم، دەبییە خوای من و هەموو هەستەکانم تەسلیم بە تۆ دەکەم. تۆش وەک شوانێکی دڵسۆز بەخێویان دەکەی، نازکیان دەکەی، شانە بەشانە ئەو مێشکە دەکەیتەوە و پاکی دەکەیت. ڕق، قین، دوژمنکاری، دژبەری، ناحەزی، هەست شکاندن، خۆبەزلزانین و هەر دەردێکی ئەم سەردەمە و سەردەمی باب و باپیرانمان تیایدا بنبڕ دەکەی.

من دەزانم لەم دونیایەدا جێگایەک نییە شوێنەواری تۆ بێت، یان شایەنی ئەوە بێت تۆ لێ بژیت. هەر بۆیەش هەموو هەوڵەکانم بۆ دیتنی (تۆ) سەرنەکەوتوون. من سەردانی کۆچکی خانی و خانزادی سۆرانم کرد. من سەردانی هەموو ئەو جێگایانەم کرد کە پیرۆزن و ڕۆناکییان لێ دەرکەوتووە، بەڵام تۆم لێ نەدیت. دیارە تۆ لەوان پیرۆزتری و لەوانەشە پێشەنگی ئەوان بیت.

بۆ دیتنی ئەو زاتە پیرۆزە هیچ زانینگەهەکم بەجێ نەهێشت.

ڕۆژێک، لە گاڤێکی ناکاودا، کاتێک بۆ پارە گۆڕینەوە چۆمە بازاری سەرافان بۆ ئەوەی لە وڵاتانی دونیا بەدوایدا بگەڕێم. لە وێ بینیم سەرافەکان بازرگانیی بە پارەی ئەو (زاتە) پیرۆزە دەکەن. وتم (ئەو) تەنیا مامەڵە بە عەقڵ و زانین دەکات و پارە لەوانەیە تەنیا وشەیەکی ڕۆژانەبێت لە ژیانیدا.

ئاخر خوای زانین پارەی بۆ چییە!!! (ئەو) بە پارە ناکڕێت و ناشفرۆشرێت!!! دەیان کەس ئامادەن ژیانی خۆیان بەبێ پارە لەسەر بدۆڕێنن، خۆیان بکەن بە قوربانی (ئەو)!!! هەزاران کەس ئەوەندە پەیڤەکانی خۆیان نانزانن ئەوەندەی زاراوەکانی ئەو!!! سەرافەکان وتیان (ئەو) لەگەڵ جەلادەکان جووتە و لە کۆچکی سوڵتاندا دادەنیشێت و لەوێ تلسمەکانی دەنووسێت و پێویست بە گەڕان ناکات بەدوایدا. سبەی بۆ دڵنیایی برۆ مەیدانی ڕاو لەوێ هاوچووت لەگەڵ سوڵتاندا ڕاو دەکات.

وتم وانییە و ئەو قسانە کارم تێناکەن. ببینم لەبان سەرمدا دادەنێم و هەمبێزی دەکەم و لە ڕقی ئێوەی عەوامدا ماچیشی دەکەم. ئەو پیرۆزە و سوڵتان ڕاو دەنێت.

* (ئەو) هەر کەسێکە کە پێشوێنە (نموونە) بێت لای هەر کەسانێک، بەڵام لە ڕاستیدا خۆپەرست و دەسەڵات و پارە پەرست بێت.

* ئەم نووسینە هۆزانە بەشێوەی پەخشانم داڕێژتووە.

karzan@spray.se

2005-02-06